ڕێوڕەسمی ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی سویس

www.peshmergekan.com

بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 25.01.2014 مەراسمێک بە بەشداری ئەندامان،لایەنگران دۆستانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و بەشێکی بەر چاو لە کوردانی هەر نیشتەجی سویس بەڕێوە چوو

سەرەتا لە لایەن عابد عەزیزی بەڕێوەبەری بەرنامە بەخێرهاتنی بەشداربوان مەراسیمەکە کرا وە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" و راگرتنی خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر لە لایەن بەڕێز نامدار سەفەری یەکێک لە ئەندامانی دێرینی حیزبی دیمۆکرات بەرنامەکانی 2ی ڕێبەندان کرایەوە،پاشان پەیامی کۆمیتەی سویسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کامەران ڕەسوڵی بەرپرسی کۆمیتە سویسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا،بە دوای ئەوەدا پەیامی یەکیەتی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس لە لایەن بەڕێز شۆڕش ئەحمەد هەمزە پیشکەش کرا،لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا کە رەخان کرابوو بۆ ڕێز لێنان لە ئەندام وپێشمەرگە دێرینەکان بەڕێز حەمید چووپانی بەرپرسی تەشکیلات وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد وە "لۆحی ڕێزلێنان"ەکە لە لە لایەن نوێنەرانی هێزە سیاسیە کانی بەشداری مەراسیمەکە بە سەر پێشمەرگە دێرینەکاندا دابەش کرا.

لەبەشی کۆتایی ڕێو ڕەسمەکەداهەر دوو هونەرمەندی لاو شێرکۆ مەریوانی و ئەرسەلان جودەت بە دەنگە خۆشەکەیان شایی و گۆڤەندی مەراسیمەکەیان ڕازاندوە

ڕێوڕەسمەکە لە کاتژمێر 11.30 خولەک بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێ هات.

لە 68ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە سویس ئەم هێز و لایەنانەی خوارەوە بەشدار بوون

1 کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

2 یەکیتی نیشتمانی کوردستان

3 پارتی دیمۆکراتی کوردستان

4 بزووتنەوەی گۆڕان

5 کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

6 ناوەندی کۆردو ساید " چاک"

7 کۆمەڵای ماڤی مرۆڤی کۆردستانی ئێران–ژنێڤ

8 تەڤگەری دیموکراتی کوردستان

9 سازمانی "اتحاد فدائیانی خەلکی ئێران-سویس

10 سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

11 ناوەندی زاگرۆس بۆ مافەکانی مرۆڤ

12 کۆمیتەی بەرگری لە خەباتی خەڵکی ئێران

هەر وەها پارتی پێشڤەرۆی کۆرد لە سوریە و پارتی سوسیالیستی کوردستان نەیانتوانی بەشدار بن بەڵام بروسکە پیرۆزبایی یان ناردبوو بۆ 68مین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کۆردستان لە سویس

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-کۆمیتەی سویس






PDKI














ئێران




KORG
KORG








PDKI